هەواڵگری تیرۆریستەکیان لە کەرکوک دەستگیرکردوە کە وەك شۆفێری وەزیری پەروەردەی داعش کاریکردوە

بەوبەرایەتی هەواڵگری سەربازی عێراق ئەمە پێنجشەممە رایگەیاند، تیرۆریستەکیان دەستگیرکردوە کە وەك "شۆفێری وەزیری پەروەردە و کشتوکاڵی داعش" کاریکردوە و چەندین پێستی دیکەشی لە ڕەکخراوی داعش وەرگرتوە.

بەوبەرایەتی هەواڵگری سەربازی لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژەی بەوەکردوە، "لە ئێپەراسیۆنێکی تایبەت و هەوەڵێکی هەواڵگریدا، بە پشتبەستن بە زانیاریيەکە هەواڵگریيەکە دروستەکان لە بەشی هەواڵگری فیرقەی هەشتەم، هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، بەوبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی ئێپەراسیۆنێکی تایبەتی ئەنجامدا، تیرۆرستێك بەمادەی 4ی تیرۆر لەناوچەی سەیادەی کەرکوك دەستگیرکرا.
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو دەستگیرکراوە پێشتر چەندین پێستی لە ڕەکخراوی داعش هەبوە، لەوانە (شۆفێری وەزیری پەروەردە بە باندە تیرۆریستییەکان، پاشان شۆفێری وەزیری کشتوکاڵ، بەرپرس لە فەرمانگەی سەربازی، هەروەها بەرپرسی بازگەکانی ناو پارێزگای کەرکوك)، لەئێستاشدا بەپێی یاسا ڕادەستی لایەنی داواکار کراوە".